# داهێنانەکانی خانای قوبادی لە بواری ئەندێشەو هونەری داستانە شیعردا

**فازیل مەجید مەحموود[1]، شۆخان رمضان قادر[2]**
[1,2] بەشی کوردیی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: fazil.qasim@univsul.iq

**پوختە:**

خانای قوبادی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد و سەربە ئەدەبیاتی کلاسیکە؛ لە کۆتایی سەدەی (١٧)؛ سەرەتای سەدەی (١٨)دا ژیاوە؛ شاعیرێکی ئازادیخواز بووە و لە دژی زوڵم و زۆرداری وەستاوەتەوە؛ شانازی بە زمانی کوردییەوە کردووە؛ لەو شاعیرانەیە، کە زۆرترین بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە؛ لە هەندێك بواردا پێشەنگی شاعیرانی ئەدەبی کوردی بووە؛ لەوانە : ( وەرگێرانی قورئانی پیرۆز و داستانە شیعرییەکان، فۆرمی تەرجیع بەند، داشۆرین "هەجوو")، سەرەڕای ئەوەی، کە لە سەردەمێکی پڕ لە کێشەو شەڕو ئاژاوەدا ژیاوە، بەڵام هەموو هێزو تواناکانی خستۆتە گەڕ لە پێناو داهێناندا بووەتە ئەستێرەیەکی دروەشاوە لە ئەدەبی کوردیدا و داهێنانی کردووە لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە داهێنانەکانی بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەك بۆ نووسینی توێژینەوەی زانستی و پاڵنەرێك بێت بۆ توێژەری کورد، تا زیاتر گرنگی بەم شاعیرە بدەن، کە سەربە دیالێکتی گۆرانە، لە پای ئەوەی پەراوێز خراوە بە گوێرەی پێویست بایەخی پێنەدراوە. توێژینەوەکە بە میتۆدی مێژوویی، وەسفی شیکاری نووسراوە.

**وشە کلیلییەکان:**(خانای قوبادی، داستانە شیعر، داهێنان)

**الملخص:**

خانا القبادي من الشُّعراء الكرد البارزين، ينتمى إلى الأدب الكلاسيكى، عاش في نهاية قرن السابع عشر وبداية قرن الثامن عشر الميلادي، وكان طالباً للحُرِّية و وقف ضد الظلم والإستبداد، وكان مفتخراً باللغة الكردية، وهو من الشعراء الذين تركو آثاراً كثيرة، وكان قدوةً لشعراء الأدب الكردى في بعضِ النواحي، منها (تفسير القرآن الكريم و ترجمة الملاحم الشعرية، والترجيع والهجاء). وعلم الرغم من أنة عاش فى عصر مليءٍ بالحروب والصراعات. فإنّه وظف كل طاقاته و قدراته الفنية الإبداع، فأبدع فى الأدب الكردي، وصار ترجمة على الرغم من أنه نجماً متلألئاً في سماء الأدب الكردي. وعليه، فحاول البحث إبراز إبداعاته لكي تكون أساساً ينطلق من البحث العلمي، وتكون دافعاً للباحث الكردي كي يزد الهتمام بهذا الشاعر المنتمي إلى اللهجة الگورانيه، لأنه لم يُهتم به على وجه المطلوب وباالقدر الكافي. **مفتاح الكلمات:** (خانا القبادي، الملحمه، الإبداع)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10445 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٣ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | fazil.qasim@univsul.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.د.فازیل مەجید مەحموود،شۆخان رمضان قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

Khana Qubadi was one of the great poets of classical Kurdish literature. He lived at the end of seventeenth century and the beginning of eighteenth century. He always seeked freedom and he was against oppression and violence. He was proud of Kurdish language. Qubadi has the greatest collection of poems. In some genres, he was the role model for other Kurdish poets such as: translation of the Holy Quran, Epics, Repetition, Satire. Despite that his era was full of wars and conflicts, he could skilfully use his artistic abilities and he brought many literary innovations into Kurdish literature. Therefore, he shines like a star in Kurdish literature. This paper tries to shed light on his literary inventions in order to be used as a source for scientific researches and to make Kurdish researchers pay more attention to this great poet, who is from Goran dialect, because he is one of the poets with numerous poems, but he has not gained reseachers' attention yet.

**Keywords:** (Khana Qubadi، Poetry epic، Invention)

## پێشەکی

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرە مەزنانەی، کە لە بواری هزرو ئەندێشەی داستانە شیعردا پێش شاعیرانی سەردەمی خۆی کەوتووە و داهێنای گەورەی کردووە؛ ئەم داهێنانانەی بوونەتە هۆی سەرمەشقبوونی شاعیر لە ئەدەبیاتی کوردیدا و ڕەوشی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی نوێکردووەتەوە؛ ئەم باسە هەوڵێکی کورتە بۆ تیشك خستنە سەر ئەو داهێنانە بە پێزانەی شاعیر، هەرچەندە خانا بە پڕ بەرهەمترین شاعیر دادەنرێت وەك ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام بە داخەوە بە پێی پێویست گرنگی پێنەدراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی، کە توێژینەوەیەك سەبارەت بە داهێنانەکانی ئەم شاعیرە مەزنە لە ڕوانگەی (داستانە شیعر)ەوە ئەنجام بدەین؛ توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە

**بەشی یەکەم : سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە داستانە شیعر**

**پاری یەکەم : زاراوەو پێناسەی داستانە شیعر**

**پاری دووەم: سەرەتای ئەم ژانرە گرنگە لە ئەدەبییاتی کوردیدا.**

**بەشی دووەم: داهێنانەکانی خانای قوبادی لە بواری ئەندێشەو هونەری داستانە شیعردا**

**پاری یەکەم : جۆرو بابەتی داستانە شیعرەکانی خانای قوبادی .**

**پاری دووەم: داهێنانە گرنگ و بەرچاوەکانی شاعیر لە داستانە شیعردا . لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو بە هیوای ئەوەی ببێتە پڕکەرەوەی کەلێنێکی بچووك لە گرنگی دان بە خانای مەزن.**

## بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە داستانە شیعر

### پاری یەکەم: زاراوە و پێناسەی داستانە شیعر

تێگەیشتن لە چەمك و مانای ژانرە ئەدەبییەكان هوكارێكی سەرەكییە بۆ دیاریكردن و پۆلێنكردنی ژانرەكان وەك ڕەگەزێكی سەربەخۆی ئەدەبی، هەروەها ڕێگا خۆشكەر دەبێت بۆ ئەوەی قوڵترو فراوانتر سەیر بكرێن و تێگەیشتنی دروستییان لەبارەوە هەبێت. داستانە شیعر یەكێكە لە ژانرە گرنگ و بە بایەخەكانی ئەدەب؛ زاراوەی داستان چەندین مانا لەخۆدەگرێت هەر میللەتێك زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ داستانە شیعر سەرەتا ((زاراوەی داستان لە وشەی (EPOS)ی یۆنانی وەرگیراوە و بەرامبەر بەمەش لە زمانی لاتینیدا وشەی (EPICUM) بەكاردێت لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بەمە زاراوەی (EPIC) بەكاردێت))( حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ١٩١).

(د.شمیسا) ش پێی وایە (( زاراوەی داستان (epos) كە بە یۆنانی مانای وشەو چیرۆكە وەك خوازەش مانای ئەفسانە دەدات، كە بووە بە بنچینەی وشەی ئیپیك (epic) وەك ئاوەڵناویش مانای گێڕانەوە دەدات بەدەستەوە، واتا بەرهەمێك كە دەكرێت بگێڕدرێتەوە)) (شمیسا، ١٣٨٣، ٤٠) دەتوانین بڵێین داستان گێڕانەوە بووە ئەم گێڕانەوەیە سەرەتا سەرزارەكی بووە و كەسێك ڕووداوێكی گێڕاوەتەوە، كە سادەو ساكار نەبووە؛ مانای كوشتارگەی گەیاندووە.

عەلائەددین سەجادی سەبارەت بە زاراوەی داستان دەڵێت (( داستان و ئەفسونیش هەیە، داستان زۆرتر بۆ نەبەردی و پاڵەوانان بەكارئەهێنرێت وشەكە لە بنەڕەتدا (داواستان)ە واتە شوێنی جەنگ و شەڕوشۆڕ. وەیا (دادستان)ە واتە شوێنی عەدل، لە هەردوو بارا وەكو عیلمی بەلاغە ئەڵێ (تەسمیەی حالە بە ئیسمی مەحەل) درێژبوونەوەی زەمان وشەكە زمان كورتی كردۆتەوە و بووە بە "داستان")) (سەجادی، ١٣٨٩، ١١٩) مەبەست لە ئەفسوون (ئەفسانەیە)، كە بەرهەمی دێرینەی بیری مرۆڤایەتییە و هەمەلایەنە لە ئەنجامی پێویستییەكانی ژیان و ئارەزووە بێ كۆتاكانی مرۆڤ كۆبووەتەوە و بەمرۆ گەیشتووە. (( لە زمانی كوردیشدا بۆ داستان چیرۆكی شیعری و بەیت بەكاردێت، بەڵام بەكارهێنانی وشەی داستان لەوانی دیكە باوترە، وە لە كوردانداكارێك پێی دەگوترێت داستان، كە ئازایی و چەلەنگییەكی زۆر لە لایەن ڕۆڵەكانی میللەت نوێنرابێت، بەو واتایەی هەمووكارێكی سادەو ئاسایی پێی ناوترێت داستان.)) (قادر، ٢٠٠٩، ١٦). كەواتە تا ئەم قۆناغە وشە و زاراوەی (داستان) لە ئەدەبی كوردیدا پەسەندكراو چەسپاوە.

ژانرە ئەدەبییەكان هەریەكەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەو خاسییەت و تایبەتمەندییە وا دەكات لە ژانرێكی دیكە جیابكرێتەوە، هەروەها هەر نوسەرێك بەپێی بیرو تێگەیشتنی تایبەتی خۆی پێناسەیان بۆ دەكات؛ بۆ نموونە (داستانەشیعر) چەندین پێناسەی جیاوازی بۆكراوە لەلایەن نووسەرانەوە، لەبەرئەوەی ژانرێكی سنوردارەو یەكێكە لە لوتكە بەرزو زیندووەكانی ئەدەب و هەمیشە لە گەشانەوەدابووە؛ لەگەڵ ئەو سەردەمە دێرینەی بەسەریدا تێپەڕبووە هەر بە نەمری و زیندوویەتی ماوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، كە بەرهەمی ڕەنج و ماندوو بوون و ئەزموونێكی قوڵی مرۆڤایەتییە، هەروەها بەهۆی سنوردارییەكەیەوە كۆمەڵێ ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆی هەیە پێویستە پەیڕەو بكرێت لەلایەن داستاننووسانەوە، بۆیە ئەو پێناسە زۆرانەی، كە بۆ داستان كراوە چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە.

(د.فاتمە مدرسی) لە بارەی داستانەوە دەڵێت: (( داستان epic بە واتای بوێری و دلاوەرییە جۆرە شێوازێكی ئەدەبی و گێڕانەوەیەكی ڕێكوپێكە لە بوارەكانی قارەمانیدا، كە لەسەر ڕووداوە ئاساییەكان و كردارەكانی شەڕی پاڵەوانەكان قسە دەكات داستان جۆرێكە لە شیعر لە داستاندا جۆرێك لە وەسفكردنی تێدایە، كە وەسفی كردارەكانی پاڵەوانی و جوامێری و شانازییەكانی نەتەوەیەك یان كەسێك دەكات)) (مدرسی، ١٣٩٠، ١٤٠)، واتە داستان گێڕانەوەیەكی ئەدەبییە بە شیعر دەهۆنرێتەوە بە شێوەیەكی ڕێكخراو وەسفی ڕووداوە ئاسایی و نائاساییەكان و پاڵەوانەكان دەكات، هەروەها (( داستان چیرۆكی پاڵەوانێكە لە ڕێگەی شیعرەوە دەگێڕدرێتەوە، لە دوو توێی دا كرداری سەمەرەو ناوازە دەبینرێ، كە خوداوەندەكان و پاڵەوانە میللییەكان و پیاوانی ئاینی لە شارستانییەتی كۆن ئەنجامی دەدەن، ئامانجیش بەرز ڕاگرتنی پاڵەوانەكان و سەركەوتنە لە ڕادەبەدەرەكانییانە)) ( عبدالله، ١٩٧٨، ١٧).

دەتوانین بڵێین داستان بریتییە لەو ژانرە ئەدەبییەی، كە ڕووداوو و بەسەرهاتی پاڵەوانەكان دەخاتە ڕوو چەندین جۆریان هەیە لەوانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(پاڵەوانی میللی، خوداوەندەکان، پیاوانی ئاینی.. ) و ئەفسانەیەکی لە ڕادەبەدەرو سەرسوڕهێنەر دەبینرێ، بەجۆرێك هەندێ جار دەچێتە سەرو واقیع، لەبەرئەوە بە بێ (خەیاڵ) هیچ نووسەرو شاعیرێك نووسینی داستانێکی کاریگەرو پڕ چێژو خرۆش لە توانایدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەفسانەکان بنەمای واقیعی و مێژوویيان هەيە بە گشتی خەیاڵ نین، بۆیە داستان توانیوویەتی سوود لەو لایەنە (مێژوویی و واقیعییانە) وەربگرێت بەجۆرێك، کە (( داستان ئەو شیعرەیە شاعیر دەینووسێت و بابەتێکی چیرۆکئامێزانەی پێ دەگێڕێتەوە، کە لە ژیانی پاڵەوانان و پاڵەوانێتی و شەڕی مێژوویيەوە وەرگیراوە لەگەڵ تێکەڵکردنی هەر هەموو ئەوانە لەگەڵ شێوە ئەفسانەییەکەدا کە هەست و نەست بووروژێنێت)) (تاڵەبانی، ٢٠١٠، ٧٦)، هەروەها ((داستان بەرهەمێکی گێڕانەوە ئامێزە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە کراون بە پاشخانی قارەمانگەلێك، کە ڕەنگ و بۆی ڕەگەزی و نەتەوەییان هەڵگرتووە، کە لە ناویياندا ڕووداوو گەلێکی چاوەڕوانەکراو ڕوویانداوە)) (میرصادق، ١٣٩٣، ٦٤) یاخود داستان ئەو بەرهەمە ئەدەبییەیە، کە ((بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی مەزن لە بەرەبەیانی مێژووەوە، کە لە پێناوی پاراستنی شەرەفی نەتەوەییدا بە هۆنراوە وتراون، یان نووسراون لەم پاڵەوانێتی یانەدا پەیوەست بەسەردەمەکانیانەوە دەستی ئادەمیزاد تێکەڵە لەگەڵ دەستی خواوەندو فریشتەکاندا، لەبەرئەوە شتێکی ئاساییە، کە ڕووداوەکان هەموویان ڕاستەقینەنین))(ئەبوبکر، ٢٠٠٧، ٥٠).

لە داستاندا دوو جیهانی جیاواز هەن (واقیعی و خەیاڵی) داستاننووس ئەم دووانە بە لێهاتوویی و زانینەوە تێکەڵاوی یەکتر دەکات، تا لە گێڕانەوەی ڕووداوی هەردوو جیهانەکە جۆرێك لە جوانی و چێژ بە خوێنەر ببەخشێت، هەروەها ببێتە هۆکاری زوو تێگەیشتنی خوێنەر لە بابەتی سەرەکی داستاندا، لە هەمان کاتدا وەك فەلسەفەیەکی مرۆڤی سەرەتای سەیردەکرێت، لەبەر ئەوەی جیهانێکی پڕاو پڕ لە بیرکردنەوەو بیرۆکەی هەست پێنەکراوە، بۆیە بە دێرینترین و گرنگترین ژانری ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، کە )) بریتییە لە بە دوایەکداهاتنی کۆمەڵێك ڕووداوی ڕاستەقینەو مێژوویی یاخود دروستکراوو داهێنانیە، هەربۆیە خەیاڵکردن، دەستەمۆکردن و موسەخەرکردنی کردار دەخاتەڕوو خەسڵەتی دیاری داستان ئەوەیە، کە بتوانێت ئێمە ناچار بکات، کە بمانەوێت بزانین دواتر چی ڕوودەدات لەم مانا گشتییەدا تەنها کات هۆکارێکی گرنگەو ئەوەی کە چی ڕوویداوە و دواتر چی ڕوودەدات . داستان شا دەماری هەموو بەرهەمێکی گێڕانەوەیی و نمایشی داهێنەرانەیە، لە هەموو جۆرەکانی ئەم دووگروپەدا داستان دەبێتە ڕشتەو زنجیرەی ئەو ڕووداوانەی، کە بە پێی تەرتیبی بە دوای یەکداهاتنی کات ڕوودەدەن، لەم ڕووە داستان توخمی هاوبەشی جۆرەکانی ئەدەبی داهێنەرانەیە لە قیصە، ڕۆمانس، کورتەچیرۆك، ڕۆمان، نمایشنامە، فیلمنامە، شیعری گێڕانەوەیی و شێوازەکانیتر داستان بوونی هەیە ))(میرصادق، ١٣٩٤، ٢٩-٣٠). بابەتی داستانی ئەدەبی و نووسراو باس لە کێشەی تایبەتی و لایەنی دەروونی ناخی کەسەکان دەکات، بەڵام داستانە فۆلکلۆرییەکان باس لە کێشە گشتییەکانی مرۆڤ دەکەن زیاتر پەیوەستن بە گەل و نەتەوەو ژیانی کۆمەڵگا، بۆیە((داستان بە تایبەتی(داستانی فۆلکلۆری)وەك ئاوێنەی خاسییەتەکانی گەل وایە و گوزارشت لەو پاڵەوانێتی و دڵدارییانە دەکات، کە لە هەناوی مێژووی گەلێکەوە هەڵقوڵاوە لەبەر ئەمە گەشەسەندنی مێژوویی داستانەکانیش بە گەشەسەندنی مێژووی گەلەوە بەستراوەتەوە))(خەیات، ٢٠١٣، ٧).

دەتوانین بڵێین(داستان) کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕاستی و مێژوویی و خەیاڵییە؛ باس لە ئازایەتی و دەسەڵاتی پاڵەوانان و پاشاو شازادە و خواوەندەکان دەکات، کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بە دوا یەکداهاتنی کات ڕوودەدەن، یاخود ڕووداوە مەزنەکە باس لە کەسێکی جوامێرو پاڵەوان دەکات، کە لەلایەن هێزێکی گەورەی ئاینی و سیاسی و پاشایەتییەوە پاڵپشتی لێدەکرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەرزو پیرۆزەی کە هەیەتی وەك ئامانجی (نەتەوەیی و نیشتیمانی، گەیشتن بە خۆشەویست، نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری.....هتد) واتە بەگشتی بابەتەکانی داستان ڕووداو کارەساتی مەزنن بابەتە بچووك و بێبایەخەکان نابنە بابەتی داستان، چونکە ئەو کەسانەی دەبنە پاڵەوان و ڕووداوەکانیان بەسەر دێت کەسی ئاسایی نین، بەڵکو پلەو پێگەی گەورەیان هەیە و لە ناو کۆمەڵگادا بە ڕێزەوە سەیر دەکرێن، هەروەها داستاننووس (وەسف و خەیاڵ) وەك دوو بنەمای سەرەکی بەکاردەهێنێ بۆ درێژبوونەوەی داستان تاوەکو خوێنەر ڕووبەڕووی بێزاری نەبێتەوە بەڵکو ببێتە هۆی پەیوەست بوونی خوێنەر بە داستانەکەوە، بەشێوەیەك داستانەکە دابەش دەکات بەسەر چەند بەندێکدا و هەریەك لە بەندەکانیش ناونیشانی تایبەت بە خۆیان بۆ دادەنێت، کە باس لە ڕووداوێك دەکات پاشان هەموو بەشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بە شێوازێکی جوانی ئەدەبی و هونەری دەیانخاتە ڕوو وا لە خوێنەر دەکات هەست بە پچڕانی زنجیرەی ڕووداوەکان نەکات و زیاتر ئاوێتەی داستانەکە بێت و چێژی لێ وەربگرێت.

## پاری دووەم :سەرەتای داستانە شیعری کوردی

ئەدەبی فۆلکلۆر کەرەستەی خاوی هەموو ژانرە کۆن و نوێیەکانە، لەبەر ئەوەی (( زۆر لە زاناکانی جیهان ئەوەیان دووپاتکردووەتەوەو بە کۆمەڵانی خەڵکیان سەلماندووە، کە فۆلکلۆر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە هەبووە هەر بۆیەش بیرو نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و کەلەپووری نەتەوایەتی بە پێی پێشکەوتنی شارستانییەتی و قۆناغەکانی مێژوویی پێشکەوتوون لە هەمان کاتیشدا ئەوگەلە زۆر گیرو گرفت و ناخۆشی و دەرد و ئازاری بینیوە، فۆلکلۆریش لەگەڵ گەشەکردنی گەلەکەی خۆیدا لە سەرکەوتنی بەسەر ئازارەکانی ژیاندا پێشدەکەوێ و گەشەدەکات)) (ئیبراهیم، ١٩٧٩، ٧٦). واتە فۆلکلۆر بەردی بناغەی ژانرەکان و هەموو ئەدەبی نووسراوە جا پاراستنی ئەم ئەدەبە بە پێزە لەلایەن باو باپیرانەوە بووە، کە شوێن دەستیان لە مێژوویی ئەدەبییاتدا دیارە، یاخود لەلایەن ئەوشاعیرە بەهرەمەندە بووە، کە بەهرەی لە خواوەندی شیعرەوە وەرگرتووە و بەرهەمەکەی لە قاڵبێکی ئەدەبیدا دارشتووە وکردوویەتییە شاکارێکی ئەدەبی بەپێزو گرنگ، کە لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکە سوودی وەرگرتووە بە هەندێك گۆڕانکاری بە پێی بیرو گوزارشتی سەردەم و بارودۆخ و زمانی میللەتەکە، جا یەکێك لەو بەرهەمە گرنگ و بەپێزە داستانە فۆلکلۆرییەکانە، کە چەندین سەدە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گێڕدراونەتەوە، تا ئەو شاعیرە لە فەوتان ڕزگاری کردوون. ئەم داستانانە داهێنانی ئەو شاعیرە نین، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوە دەگەڕێنەوە(( واتە داستانی گەل کە لەناو کۆمەڵدا سەری هەڵداوەو خۆی لە خۆیدا هەبووەو کەس دروستی نەکردووە، بەڵکو شاعیر لە چەند بەیتێکدا دای ڕشتووە وەك داستانی (ئەلیازە و ئۆدیسا)، کە هۆمیرۆس تەنها دایڕشتۆتەوە، بەڵام دروستی نەکردووە، هەروەها داستانی شانامەی فیردەوسی داستانێکی تەبیعی و میللی یە)) (ڕەسول، ١٩٨٩، ٩٠).

داستانی جیهانی لە رووی مێژوویی و پەیدابوونییەوە دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆری گرنگدا بە پێی قۆناغی مێژوویی ئەوانیش (داستانی سروشتی و داستانی دەستکرد) ((داستانی سروشتی شیعرێکی سەرەتایی لەسەر روداوێکی مێژوویی یا ڕووداوێك، کە خەڵك وا گومان دەکەن بنیاتنراوە و مێژووییە وەکو گەمارۆدانی تەرِوادە بەوە جیادەکرێتەوە، کە زۆر کۆنەو ناتوانرێت ئەو شاعیرە بناسرێت، کە داستانەکەی داهێناوە یا چەند شاعیرێك بەشدارییان لە هۆنینەوەی داستانەکەدا کردووە یا گەل بە تەواوەتی بەشدارە تیایدا و ناوی دانەرەکانی ونبووە)) (ترحیینی، ١٩٨٨، ١٨) مەبەست لە داستانی سروشتی داستانی سەرەتای ژیانی ئادەمیزادە ڕوونتر بڵێین داستانی (فۆلکلۆر)ییە، کە زیاتر ڕوداوی مێژوویی تێدا بەدیدەکرێت وە (( بە ڕەسەنترین جۆری داستان دادەنرێت و وەکو ئینسکلۆپێدیاییەکی گەورە وایە، کە گشت لایەنەکانی ئەوگەلەی، یا ئەو ڕووداوەی، کە داستانەکە باسی لێوەدەکات تێدا تۆمار کراوە، هەروەها ئەم جۆرە داستانانە مۆرکێکی سەراپای ئەو میللەتانەیان پێوە دیارە و هونەر لەم جۆرە داستانانە وا دەکەوێتە بەرچاو، کە سروشتی بێت، زیاتر لەوەی دەستکرد بێت، لە دوای ئەمە شاعیران، یا ئەو کەسانەی خاوەن بەهرەن هەوڵی تۆمارکردنی ئەو چیرۆك و ئەفسانە دەدەن و پاشان کەسانی دیکە دێن هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی دایبڕێژن لە قاڵبێکی ئەدەبی و پێکهاتەکەی لە شێوەیەکی داستانیدا دەربخەن، ئینجا شێوەیەکی گەشەسەندن وەردەگرێت و دەماو دەم و زار بە زار دەگێڕدرێتەوە تا ئەو ڕۆژەی شاعیرێك دێت و لە قاڵبێکی کۆتایدا دایدەڕێژێت)) (حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٢١٦)، بۆیە داستانە فۆلکلۆرییەکان کاریگەرییان لەسەر نووسەرانی داستانی ئەدەبی دروستکردووە، لەبەر ئەوە نووسەران بە ئەدەبی فۆلکلۆر و داستانە فۆلکلۆرییەکان سەرسام بوون و سوودیان لە و داستانانە وەرگرتووە و داستانی نووسراویان پێ هۆنیوەتەوە، کە واتە جۆری دووەمی داستان داستانی دەستکردە جۆرە داستانێکی سەربەخۆیەو دانەری دیاریکراوە، کە بەپێی بۆچوونی خۆی کار لەسەر ڕەگەزە پێویستییەکانی ناو داستانەکە دەکات و لاسایی داستانە سەرەتاییەکان دەکاتەوە، بەڵام چوارچێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە (( لەم جۆرە داستانانە شاعیر بابەتێك دادەهێنێت، یا بە شێوەیەکی ئازاد سود لە بابەتە کۆنەکان وەردەگرێت، بەڵام پێوەری داستانە کۆنەکان دەپارێزێت))(شمیسا، ١٣٩٣، ٦٦). کەواتە لە جۆری دووەمدا نووسەر دیارە و بە پێی بیرو بۆچوونی خۆی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات و ڕەگەزە پێویستییەکانی بنیاتی داستانەکە دادەنێت.

ئەم دوو جۆرە دابەشکردنی داستانە لەسەر بنەمای سەرهەڵدان و قۆناغی مێژووییە، بەڵام لە ڕووی بابەتەوە داستان دابەشکراوە بۆ چوار جۆر ئەوانیش(( داستانی ئەفسانەیی، داستانی پاڵەوانی، داستانی ئاینی و عیرفانی، داستانی دڵداری)) (حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٢١٩-٢٢٠).

نەتەوەی کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی دیکە بەم وێستگە مێژووییەی ئەدەبیدا تێپەڕبووە و خاوەنی دوو جۆر داستانە ئەوانیش(داستانی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

فۆلکلۆر، داستانی نووسراو)؛ سەرجەم سامانی زانستی نەتەوەی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا قۆناغی ئێستا دوو بەشی سەرەکییە یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکییە، کە بەشێوەی شیعرو بەیت و پەخشان و ڕازو مەتەڵ و پەندی پێشینان...هتد بووە وە بە شێوەی سینە بە سینە تا قۆناغی ئەمرۆ گەیشتووە ئەم بەرهەمانە دانەریان دیار نییە نادرێنە پاڵ تاکە کەسێکەوە، بەڵکو موڵکی هەموو میللەتن. دووەمیان ئەدەبی نووسراو ناسراوی کوردە، کە دانەرو خاوەنیان دیارە لە چ زارو شێوەزارێکی کوردن، بۆیە سامان و بەرهەمەکانی یەکەمی نەتەوەی کورد دەبنە بناغەو دامەزرێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکانی دووەم.

(د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (( ئەدەبی نەنووسراو بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەم ئەدەبە لە ناوجەرگەی ئەوەوە هەڵقوڵاوە، گەلێ لە بەرهەمە گەورەو مەزنەکانی گێتی ئەدەبی نەنووسراو بوون و لە پاشانا بوون بە ئەدەبی نووسراو زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی نەتەوەکان و گەلێ لە شاکارە ئەدەبییەکان سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆر بووە )) (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٥٨) واتە ئەدەبی نەنووسراوی فۆلکلۆر بووە بە بنەما بۆ ئەدەبی نووسراوی وەك (داستان)، بە پێی سەرچاوەکان بنەمای داستانی کوردی (بەیت و بالۆرە)یە، (( چونکە ئەوەی پاشتر وەک بەرهەمی جدی نووسەران لە ژێر ناوی داستاندا دەبینرێت، بناغەکەی بەیتی فۆلکلۆری کوردییە، هەروەها ئیپیکی کوردی، نمونەی نووسراو و پێشکەوتووی، بەیت و بالۆرەیە. ئەم ژانرە بە پێچەوانەی زاری سۆرانی یان زمانی فەرمی نووسین، لە زارەکانی گۆرانی و کرمانجی، لە ترۆپکی خۆیدایە. نموونە گرنگ و سەرکەوتوو و باشەکانی داستان لە شێوەکانی ئەویندارى و پاڵەوانی و عیرفانی و کۆمەڵایەتی، بەو دوو شێوەزارە نووسراونەتەوە)).(کەسنەزانی، ٢٠٢٢، ١٨٩).

هەر لە بارەی ( بەیت و داستان)ەوە ڕای جیاواز هەیە؛ لەوانە (د.کەیفی ئەحمد) بۆچوونی لەگەڵ (عوبەیدوڵلا ئەیوبیان ) جیاوازە لەو بارەوە دەڵێت : ((عوبەیدوڵلا ئەیوبیان لەبارەی بەیتەوە پێی وایە بەیت کوردی نییە، بەڵکو بریتییە لە لەتە شیعرێك، ئەویش لەلای هەردوو نەتەوە عارەب و فارس، لەکوردیدا بە بەیت دەڵێن (بەندوباو)، هەرچەندە لەلای زۆر کەس بەیتەکەش بەکارهاتووە، هەروەها لە ئەسڵی زمانی کوردیدا (چریکەش)ی پێدەڵێن دەبێ ئەوەش بزانین کە ئێمەی کورد هەرچی سەربردەو داستانێکمان هەیە ئەوا بە شێوەی بەندو چریکەش دامانڕشتووە، بەڵام بە ڕای ئێمە ئەو وتەیەی ئەیوبیان بەهەڵە تێگەیشتنە لە واتای(بەیت)، چونکە بەیت لێرەدا وەك گوزارشتکردن لە لەتەشیعرێك نییە، بەڵکو گوزارشتە لەو ڕووداوانەی کە لە کۆندا ڕوویانداوە جا قارەمانێتی یا دڵداری یا ئاینی بن، هیچ پەیوەندی بەو واتایەی بەیتی شیعری عەرەبی و فارسییەوە نییە، لە هەمانکاتدا چریکەش بەهیچ شێوەیەك واتای بەیت ناگەیەنێت، بەڵکو ئەویش جۆرە داڕشتنێکی دیکەیە)) (ئەحمد، ٢٠١٩، ١٦٢) . دەتوانین بڵێین لە بەیتی کوردیدا چیرۆك و بەسەرهاتەکان بە زۆری لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدان؛ لەگەڵ چیرۆکی ئەفسانەیی و دڵداری....هتد نەتەوەکانی دیکەی دراوسێدا ئاوێتەی یەکدی بوون؛ ئەو بەرهەمانەی، کە لە شێوەی بەیتدان باس لە ڕووداوە پاڵەوانی و ئاینی و ئەفسانەییەکان ....هتد دەکەن لە قۆناغی دواتر بە داستانی کوردی لە قەڵەم دەدرێن، کە هەریەکەیان بەپێی شوێن و زارو شێوەزاری بەیت بێژەکانەوە هۆنراونەتەوە، هەر نەتەوەیەك بە پێی ئاستی شارستانی و ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی داهێنەرو دامەزرێنەری داستانی نەتەوەکەیەتی . توێژەران لە بارەی سەرەتاو بوونی داستان لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە بەگشتی دان بە بوونی داستانی کوردیدا دەنێن بۆ نموونە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دوو جۆر داستان دیاریدەکات ئەوانیش (( داستانی قارەمانێتی و داستانی دڵداری و ئەڤینی)) (ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ٤٢)،

دەکرێ بڵێین ئەمە پۆلێنی داستانە لە ڕووی بابەتی داستانەکانەوە، بەڵام بۆ جۆرەکانی داستان بە شێوەیەکی گشتی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا دابەش دەبن بە دوو جۆرەوە ئەوانیش: (داستانی فۆلکلۆری، داستانی نووسراو). داستانە فۆلکلۆرییەکان بە زمانێکی سادەو ساکار نووسراون؛ بە جۆرێك زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵك بووە؛ بەو پێیەی گێڕەرەوەکان کەسانی شارەزاو بە ئەزموون بوو لە لادێی دیهاتەکانی کوردستان لە دایك بوون و گەورە بوون؛ کاریگەری زمانی بێگانەیان بەسەرەوە نەبووە، بۆیە داستانەکان تایبەتمەندی خۆیان هەبووە و جیاواز بوون لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەی، کە کاریگەری زمانی بێگانەیان تێدا بەدیدەکرێت، لەبەرئەوەی (( زمانی داستان و وێنەی داستان و کاتی داستان و گێڕانەوەی نێو داستان خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی خۆیانن بە هەموویانەوە داستان لە هۆنراوەی لیریکی و درامای نێو تێۆری ئەدەبی کۆن

جیا دەبێتەوە ))( گەرمیانی، ٢٠٠٨، ١٧).

داستانی فۆلکلۆر و نووسراو لە ڕووی بابەت و ناوەڕۆکەوە هاوبەشن؛ لە نێوان نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەو واتایەی، کە نەتەوەیەك خاوەنی ڕەسەنی داستانەکەیە لەڕووی ڕووداو شوێن و ناوی پاڵەوان و....هتد نووسەرانی نەتەوەکانی دراوسێی هەوڵیانداوە ئەو داستانە وەربگرن و بە پێی بیرو بۆچوونی خۆیان دایبڕێژنەوە؛ وەك ئەو داستانە گرنگ و بە بایەخانەی، کە خانای قوبادی لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی وەریگرتوون و بە بەرگێکی کوردایەتی دایڕشتوونەتەوە، ئەمەش بۆ تواناو لێهاتوویی خانای پێشەنگ دەگەڕێتەوە لە هۆنینەوەی ئەو بەرهەمانەدا و بوونیان لە ناو گەنجینەی ئەدەبییاتی کوردیدا . خانا لە ئاستێکی باڵادا شارەزای دونیای هزرو زمانی گێڕانەوەی (نیزامی گەنجەوی) بووە؛ بە جۆرێك توانیوویەتی پێنج بەرهەمی ئەو شاعیرە فارسە بە داڕشتنەوەیەکی هونەری و لەو پەری لێهاتووی فۆڕم وناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە بە زمانی کوردی دابڕێژێتەوە، کەواتە(( سەرچاوەی چیرۆکە شیعرییەکان لای کورد و لای هاوسێکانی لە دوو جێگاوە هەڵدەقوڵێن، یەکێکیان لە ناوەوەیە، واتە خۆماڵی، ئەوی دیکەیان لە دەرەوەیە واتە بێگانە)) (خەزنەدار، ٢٠٠٢، ٣٢٨) ئەو دوو جۆرەش موڵکی ئەدەبیاتی داستانی ئەو میللەتەن، کە یەکەم جار بەو زمانە ئەو داستانە هۆنراوەتەوە.

لەبارەی داستانی ئەدەبییاتی گۆرانەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت : (( هەندێک لە داستانە بە ناوبانگەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی دا باو بوون، لە لایەن شاعیرانی گۆرانەوە بە شیعر هۆنراونەتەوە و لە ئەدەبی فارسی وەرگیراون و هەندێکیان جلی کوردیان لەبەر کراوە، لەوانە شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنوون، بارام و گوڵئەندام، خورشید و خاوەر، مەنیژە و بیژەن، شێخی سەنعان و تەرسا))(مستەفا، ٢٠١٢، ٢٥٠).

وەك دەزانین نەتەوەی کورد خاوەنی سێ ئەزموونی ئەدەبی و زمانییە، وەك کۆڵەکە ئەدەبییاتی کوردی لەسەر ئەو سێ ئەزموونە ڕاگیراوەو دامەزراوە، ئەوانیش ئەزموونی (گۆرانی، کرمانجی، سۆرانی )یە هەریەك لەو ئەزموونانە خاوەنی تێکست و داستان و بەرهەمی ئەدەبیی بەپێزن، بەڵام خاڵێك، کە ئەو سێ ئەزموونە لە یەکتر جیا بکاتەوە؛ بوونی داستانە، کە لە ئەزموونی گۆرانی و کرمانجیدا ڕێژەیەکی گرنگ و بەپێز هەیە؛ پێچەوانەی زاری سۆرانی، گەر بوونی داستان لەو دوو ئەزموونە بەهۆی کاریگەری نەتەوەی دراوسێشەوە بوبێت و شاعیران وەرگێڕانیان ئەنجامدا بێت ئەوا گرنگ ئەوەیە ئەو دوو ئەزموونە نەتەوەی کوردیان بێ بەش نەکردووە لەو ژانرە گرنگەی ئەدەبییات، کە (داستان)ە، چونکە بەشێوەیەکی لێهاتووانە لەو پەڕی داهێناندا لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە بەرهەمەکەیان داڕشتووەتەوە و گەنجینەی ئەدەبییاتی کوردییان دەوڵەمەند کردووە.

لە ئەدەبییاتی کوردیدا داستان بە (( بەرهەمی پاش ئەفسانە و قۆناغی بەرەو وردبوونەوەی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی هەڵوێست و مرۆڤە پاڵەوانەکانیشی سەر بە هەواری بیری خۆیانن داستان ئەوەندەی برەو بە مرۆڤ دەدا ئەوەندە دینداری ناخاتە بەر کارو خەمی پێشەوەی)) (جوتیار، ١٩٨٤، ٧) . واتە داستان بەرهەمی قۆناغی ڕۆشنبیری و فراوانبوونی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤەکانە و گرنگییەکی زۆر بە مرۆڤ دەدات؛ بە پێچەوانەوە بایەخێکی ئەوتۆ بەلایەنی دین و بیرو باوەڕ نادات، بەڵام ئەم بۆچوونەی نووسەر پێچەوانەی هەندێ داستانی کوردییە؛ بەتایبەت لە بارەی دین و بیرو باوەڕەوە، کە بابەتێکی گرنگی ناو داستانەکانە؛ لەو داستانانەش (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانییە، کە باس لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و تەسەوف دەکات، بە جۆرێك بەشی سەرەتای باس لە وەسف و ستایشی خوای گەورە و پێغەمبەری ئیسلام (محمد) (د.خ) دەکات، پاشان باس لە کێشەکانی کورد دەکات؛ لە نەبوونی سەرۆك و دەسەڵاتدارێکی دڵسۆزو بە ئەمەك، هەروەها نەبوونی یەکرێزی و برایەتی نێوان کوردان باسدەکات و ڕەخنە لەو ناتەبایەی کوردان دەگرێت.

بەگشتی سەرهەڵدانی داستان پەیوەستە بە پەیدابوونی بیری نەتەوایەتییەوە؛ لە ناو ئەدەبییاتی کوردیشدا بە پێی سەرچاوەکان سەرەتای بیری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤ز)، کە لە نێوان فارس و تورکەکان بوو؛ لەم قۆناغەدا نەتەوەی کورد هەستی بە زوڵم و زۆرداری و ماف خواردن کرد لە لایەن ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرانەوە، بۆیە ئەو هەستە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند بنچینەیەکی سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی و داستان، نموونەی دیارو گرنگی داستانی کوردیش ( مەم و زین) ی ئەحمەدی خانییە، خانی لەم


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

داستانە گرنگە توانی بیری نەتەوایەتی بڵاوبکاتەوە؛ داوای یەکڕیزی و یەکگرتووی لە میللەت دەکرد، تا بتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن، لەبەر ئەوە لەو قۆناغەدا داگیرکەر بە هەموو شێوەیەك هەوڵی سەرکوتکردنی نەتەوەی کوردی دەدا؛ هۆی سەرەکیش ئەوە بوو، کە چەند قۆناغێك پێش خانی (( عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدیرانی ساڵی ١٥١٤ سەرکەوتن یەکێك لە ئەنجامە هەرە گەورەکانی ئەم شەڕە چوونی بەشێکی هەرە گەورەی کوردستان بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانی)) (عەلیاوەی، ٢٠٠٤، ٢٣)، بەپێی سەرچاوەکان سەرەتای داستانی کوری بەرهەمەکانی فەقێ تەیرانن، کە دەکەونە قۆناغی دوای شەڕی چاڵدیران، لەبەر ئەوەی بیری نەتەوەی کورد لە دوای ئەو شەڕەوە دەستی پێکردووە؛ بەهۆی زوڵم و زۆری دەسەڵاتی داگیرکارەوە هەستی نەتەوەییان لا دروست بووە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هونەری داستان، کە ( سەرەکیترین و چاکترین هەوڵیش لەم بوارەدا بریتیین لە بەرهەمەکانی فەقێ تەیران، کە چەند بەرهەمێکی چیرۆکی یا، گێڕانەوەی نووسیوە و بە سەرەتایەکی گرینگ دادەنرێت لە بواری داستاننووسی کوردیدا وە دەسترەنگینی نواندووە لە تۆمارکردنی چەند چیرۆکێکی میللی و بە شێوەی شیعری، کە ناوەڕۆکییان کوردییە، بەڵام زیاتر دیمەنی ئاینی و سۆفیگەرییان بەسەردا زاڵە. بەرهەمەکانی فەقێ تەیرانیش بریتین لە :

١-چیرۆکی شیعری شێخی سەنعان : ئەم بەرهەمەی لە (٣١٣) دوبەیت و لە هەندێ نووسخەش (٣٣٤) دوو بەیتە.

٢-زەمبیل فرۆش : ئەم بەرهەمە لە (٦٠) چوارین یا (٢٤٠) دێڕە شیعر پێکهاتووە.

٣-بەیتی دمدم : لە (٢٢٦٨) دێڕە شیعرە (٦٧) چوارین و کێشی خۆماڵی حەوت بڕگەییەو سەروای (اااا) (ب ب ب ب ) (ج ج ج ج) ە ٠.) (حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٣٢٤-٣٢٥).

(د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (بەیتەکانی فەقێ تەیران لە رووی ڕوخسارەوە هەمووی لەسەر بەندی دوو بەیتی (چوارین) ی هەشت سیلابی قافیە ( اا ب) دانراون کۆمەڵێ چیرۆکی شیعری (بەیت) ی جوانی بۆ نەوەکانی کوردی داهاتوو بە جێ هێشتووە

٤-بەیتی ئەسپی ڕەش : ئەم حیکایەتە پێوەندی بە غەزەواتەکانی ئیسلامەوە هەیە لە سەرەتای بڵاو بوونەوەیدا.

٥-بەیتی بەرسیسی عابید : (٢١١) چوارین (٤٢٢) دێڕە شیعرە وە بە کێشی ڕەجەزو ڕەمەل هۆنراوەتەوە.

٦-بەیتی ئاف و ئاف : گفتوگۆی لەگەڵ ڕووبار دیجلە کردووە لە بارەی جوانی سروشتەوە هۆنراوەتەوە.

٧-بەیتی دلۆ رابە : ئەم بەرهەمەی لەسەر بنچینەی چوارین هۆنراوەتەوە، کێشی هەشت سیلابی خۆماڵییە و لە (٧٧) بەند پێکهاتووە (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٢٤٤-٢٤٦، ٢٥٥-٢٥٦، ٢٦٤).

کەواتە بنەمای داستای کوردی (بەیت و باڵۆرە)یە، هەروەها سەرهەڵدانی داستان پەیوەستە بە پەیدابوونی بیری نەتەوایەتییەوە؛ لە ناو ئەدەبیاتی کوردیشدا، بە پێی سەرچاوەکان سەرەتای بیری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤ز) وە بەرهەمەکانی فەقێ تەیران بە باشترین سەرەتا دادەنرێن بۆ هونەری داستاننووسی کوردی، هەرچەندە شاعیر توانای سنوردار بووە لە درێژکردنەوەی هۆنراوەکاندا و دیمەنەکان کەمتر پێکەوە گرێدراون وە زمانێکی کوردی پەتی بەکار هێناوە؛ واتە ڕەگەزەکانی ناو بەرهەمەکان تارادەیەك لە ئاستی شێوازی داستاندا نین، ئەمەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا نابێتە کەم و کوڕی، لەبەر ئەوەی دەشێ ئەم بابەتانە لەگەڵ داستانی نەتەوەکانی دیکە هاوتا بن، کەواتە نەتەوەی کورد خاوەنی چەند داستانە شیعرێکی هاوبەشە لەگەڵ میللەتانی ڕۆژهەڵاتداو لە هەمان کاتدا چەند داستانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە قارەمانەکانی کوردن و بەزمانی کوردی هۆنراونەتەوە.

## بەشی دووەم: خانای قوبادی و داهێنانەکانی لە بواری ئەندێشەو هونەری داستانە شیعردا

### پاری یەکەم : جۆرو بابەتی داستانە شیعرەکانی خانای قوبادی .

خانای قوبادی یەکێکە لە شاعیرە بە تواناکانی ئەدەبیاتی کوردی؛ بەداخەوە زانیاری پێویست دەربارەی ناوی تەواوی و هۆزو ساڵی لەدایك بوون و مردنی و چۆنییەتی بیرکردنەوەی...هتد ڕوون نییە؛ نووسەران بەپێی شیکردنەوەی بەرهەمەکانی زانیارییەکان دەخەنە ڕوو؛ دوا زانیاری لە بارەی ئەم شاعیرە مەزنە ئەوەیە، کە (( ناوی (محمد کوڕی قوباد بەگی جافی جوانرۆ)یە و لە هۆزی قوبادییەکانە و لە ساڵی

(١٠٩٨ك)ی لە دایك بووە و لە ساڵی(١١٦٨ك.)، كە دەكاتە تەمەنی (٧٠) ساڵی كۆچی دوایی كردووە لە گۆڕستانی (بانی گومگان) نێژراوە)) (قوبادی، ٢٠١٦، ٧٨-٩٤) واتە تا ئەم قۆناغە ئەوە ناو و هۆز و ساڵی لەدایكبوون و مردنی خانای قوبادییە؛ چەندین بەرهەمی گرنگ و بەپێزی هەیە لە ئاستی شیعری و ئاستی گێڕانەوەیدا. بەرهەمەكانی بریتین لە :

((١-بە شێك لە دیوانی شیعری خانا، لە ئامادەكردن و لێكۆڵینەوەی كاروان عوسمان خەیات(رێبین) (٢٠١٦).

٢-خوسرەو شیرین، ئەم بەرهەمە چەند جارێك چاپ و بڵاو كراوەتەوە، یەكەمین جار محمدی ملا كریمی مودەڕیس لە ساڵی (١٩٧٥)دا بڵاوی كردەوە.

٣-لەیلاو مەجنوون، ئەم بەرهەمە لە ساڵی (٢٠١١) غەفار ئیبراهیمی لە بنكەی ژین چاپی كردووە.

٤-سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، ئەم بەرهەمە لە لایەن مامۆستا موحەمەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەییەوە ئامادەی چاپكراوە، دەزگای ئاراس لە هەولێر ساڵی (٢٠١١) چاپی كردووە.

٥-یوسف و زلێخا، ئەم بەرهەمە مامۆستا حەكیم مەلا ساڵح لە ساڵی (٢٠٠٦) ئامادەی كردووە، كۆڕی زانیاری كوردستان بە ژمارە (١٧) لە زنجیرەی كتێبەكانی خۆیدا لە هەولێر چاپی كردووە.

٦-شیرین و فەرهاد، حەكیم مەلا ساڵح دەڵێت كۆپی نوسخەیەكی ئەم بەرهەمەم لە بەردەستدایە تاكو ئێستا چاپ نەكراوە.

٧-ئەسكەندەرنامە، ئەم بەرهەمە تا ئێستا نوسخەی بەردەست نەكەوتووە غەففار ئیبراهیمی ئەوەی پێمان گوت كە نووسخەیەكی نەفیسی ئەم بەرهەمەی لەلای مەلایەك دیوە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، هەرچەند هەوڵی داوە كە بە هەرچەند و چۆنێك بێت بە دەستی بهێنێت، بەڵام نەیتوانیوە)) (قوبادی، ٢٠١٦، ١٠٣-١٠٥). سەبارەت بە شیرین و خوسرەو محەمەدی مەلا كەریم مودەڕیس دەڵێت : (( زۆر بە ئاواتەوە بوم بۆم بلوایە بەیت بەیتی ئەم شیرین و خوسرەوە نازارەم لیك بدایەتەوە تا بۆ هەموو كورد زمانێك وەك بۆ ئەوانە بوایە كە زاراوەی گۆرانی ئەزانن)) (قوبادی، ١٩٧٥، ١٠)

د. نەوشیروان مستەفا " پۆلێنی بابەتی داستانەكانی بەم جۆرە كردووە.

((١-داستانی دڵداری

٢-داستانی ئەخلاق

٣-داستانی جەنگی )) (ئەمینی، ٢٠١٢، ٢٥٠)

كەواتە داستانە شیعرییەكانی خانای قوبادی (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، لەیلاو مەجنوون، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، یوسف و زلێخا) (شیرین و فەرهاد) تا ئێستا چاپ نەكراوە، بەڵام حەكیمی مەلا ساڵح ئاماژە بە بوونی دەدات و دەڵیت : (( شیرین و فەرهاد: ئەم شاكارە لە (٢٣٤٠) بەیت پێكهاتووە خانا دوای خوسرەو شیرینەكەی نووسیویەتی. هەروەكو لە سەرەتاكەیدا بەم دوو بەیتە ئاماژەی پێدەكات

جەدمای كیتاب خوسرەو و شیرین            جە ڕووی تەواریخ ویەردەی وەرین

داستانی شیرین و فەرهاد            تاق وستان جامرێز بێستوون كەین یاد)) ( ملا ساڵح، ٢٠٠٦، ٦) واتە لە دوای كتێبی خوسرەو شیرین لە ڕووی سەردەمی ڕابردوو؛ داستانی شیرین و فەرهاد و تاقۆسان و شاخی بێستونی ئاوێنە بەند یاد بكەینەوە.

كەواتە دەتوانین بڵێین لەسەر بنەمای ئەو پۆلێنكردنەی (د. نەوشیروان مستەفا) بۆ بابەتی داستانی داستانەكانی خانای قوبادی دەكرێن بە سێ بەشەوە، كە ئەمانەن:

یەكەم : داستانە شیعرییە دڵدارییەكان (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، لەیلاو مەجنوون)

دووەم : داستانە شیعرییە ئەخلاقییەكان (یوسف و زلێخا)

سێیەم : داستانە شیعرییە جەنگییەكان ئەتوانین بڵێین ئەم بابەتە لە داستانەكانی بەگشتی هەیە، كە بەشێوەی جەنگی خەیاڵی باسی كردوون


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وەك (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)، کە دەچێتە بواری داستانی جەنگی و خەیاڵی و ئەفسانەیی، کاتێك سوڵتان ئیبراهیم بۆ گەیشتن بە نۆش ئافەرین ڕووبەڕووی چەندین جەنگ دەبێتەوە لە لایەن شازادەی وڵاتەکانی دیکەوە لە هەموو جەنگەکاندا سەرکەوتوو دەبێت، لەم جەنگانەدا ئەفسانەیەکی زۆر بەکار هاتووە، هەر لە ڕووی جۆری چەك و هێزو توانای پاڵەوانەکانی دێو درنج و ئاژەڵ و باڵدارەکانەوە....

دەتوانین بڵێین جۆری داستانەکانی خانای قوبادی پۆلێن دەکرێت بە سێ جۆرەوە ئەوانیش:

یەکەم : داستانە شیعرییە ڕاستییەکان وەك داستانی (یوسف و زلێخا).

دووەم : داستانە شیعرییە خەیاڵییەکان وەك داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین).

سێیەم : داستانە شیعرییە وەرگێڕاوەکان وەك داستانی (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، لەیلاو مەجنوون، یوسف و زلێخا).

## پاری دووەم : داهێنانی خانای قوبادی لە بواری بیرو هونەری داستانە شیعردا

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە بواری هزرو ئەندێشە پێش شاعیرانی سەردەمی خۆی کەوتووە و داهێنای گەورەی کردووە؛ ئەم داهێنانانەی بوونەتە هۆی سەرمەشقبوونی شاعیر لە ئەدەبیاتی کوردیدا و ڕەوشی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی نوێکردووەتەوە، لەسەر بنەمای سەرچاوەئەدەبییەکان، کە ئاماژە بە توانای هونەری شاعیر دەکەن لەوانە (ڕزگار جەباری) دەڵێت: (( خانا لە ئاستی هونەریدا لە چەند بابەتێکدا کە دەستپێشخەری تێدا کردووە و داهێنان و نوێگەری تێدا کردووە بووەتە پێشەنگی سەردەمی خۆی لەوانە: (وەرگێرانی ئەدەبی، بیری نەتەوەیی، "هەجوو" داشۆرین، بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری، قاڵبە شیعرییەکان) )) (جەباری، ١٣٩٩، ٤٧)، واتە ئەمانە داهێنان و نوێگەرین لە داستانە شیعرییەکانی خانا چ لە داستانە وەرگێڕاوەکانی، یاخود لەو داستانانەی، کە کۆی کردوونەتەوە و بە سەلیقەی هونەری خۆی دایڕشتوون وەك(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) کەواتە داهێنانەکانی خانای قوبادی بریتین لە:

یەکەم/ وەرگێڕانی ئەدەبی : خانای قوبادی دەستێکی باڵای هەبووە لە بواری وەرگێڕاندا، کە (( لە قۆناغی سەرەتادا "بۆ وەرگێڕان" لەو سەردەمە دێرینەی کە کورد هیچ نەخشەدانانێکی کولتووری بۆ خۆی نەبووە شاعیرانی گۆران لە سەدەی حەڤدەدا شان دەدەنە بەر کاری وەرگێڕان)) (پیرباڵ، ٢٠٠٢، ٢٥). بێگومان لە ناو ئەدەبیاتی گۆراندا بە تایبەتی و لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە گشتی خانای قوبادی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە؛ لە بواری وەرگێڕاندا، چونکە (( خانای قوبادی لە کاتی خۆیدا بۆ یەکەم جار دەستی کردووە بە وەرگێرانی سێ بەرهەمی نیزامی (٥٣٠-٦١٩ك.م) و بەم کارەی هەم دەبێتە یەکەمین وەرگێڕی کوردی هەم مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبەکەماندا دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەی سێسەد ساڵ بەر لە ئێستا)) (مەلاساڵح، ٢٠٠٦، ٧) بەگشتی شاعیرانی کلاسیك ئاماژەیان بە ناو نازناوی خۆیان کردووە، کە وەك دیاردەیەك بووە لە شیعرەکانیانا بەکاریان هێناوە، خانای قوبادیش ئەم دیاردەیەی بەکارهێناوە، خاڵێکی گرنگتر لەمە ناوهێنانی ئەو شاعیر و نووسەرە بووە، کە سەرسام بووە پێی و داستانەکەی وەرگێڕاوە؛ بەجۆرێك ((لەسەرەتای هەموو داستانە وەرگێڕدراوەکانیدا پەڕاوێك یا بەشی خۆی پەراوێز بۆ ئەو بەرهەمە دەنووسێت کە وەری گێڕاوە، وەکو چۆن مۆری داستانەکانی دەکات، بەهەمان شێوەش ئاماژە بەوە دەکات داستانەکەی وەرگێڕاوە بۆ نموونە لەداستانە شیعری (خوسرەو و شیرین)دا دەڵێت :

(( بەندەیچ (حسب الامر) ئەو سروش غەیب بەڕەشح خامەی موشکین بێ عەیب

بەی تەور کەردمان ئەی نامەی نامی ئینشا بە دەستوور نەزم (نێزامی)

لەم بەیتەدا بۆمان ڕوون بوویەوە خانا چۆن ئاماژە بە وەرگێڕان دەکات. لە داستانی لەیلێ و مەجنوونیشدا چەندین پەراوێز دەنووسێت:

بە واتەی حەکیم، دانای ((نێزامی)) گەنجەوی، ئێلیاس بن یوسف نامی

ئەم گێڕانەوەیە لە زاری نیزامی گەنجەویی و ناوهێنانی تەواوی شاعیر، خاڵێکی گرنگە لە دەستپەنگینی و ڕاستگۆیی وەرگێڕ، لەم پەراوێزەدا خانا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەمەی لە چی سەرچاوەیەکەوە وەرگێڕاوە )) (قوبادی، ٢٠١٧، ٦٦-٦٧).

واتە لە داستانە وەرگێڕدراوەکاندا ئاماژەی بەو شاعیرە داوە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەبووە، بە جۆرێك وای لە خانا کردووە

دەست بداتە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی؛ یەك لەو شاعیرانە (نیزامی)یە، کە بە ئاشکرا لە خوسرەو شیریندا ئاماژە بە ناوی نیزامی دەدات بەوەی بەرهەمی ئەوە و وەریگێڕاوە، جا (( بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خانا وەرگێڕانی کردووە، لە (خوسرەو شیرین) دا بە ئاشکرا لە (١٧) شوێندا ناوی نیزامی هێناوە و لە بەرانبەردا لە (٢٠) شوێندا ناوی خۆی هێناوە)) (جەباری، ١٣٩٩، ٤٧). سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو شێوازی وەرگێڕانەی خانا دەقاو دەق نییە، چونکە هەمیشە گۆشەیەکی بۆخۆی هێشتووەتەوە تا بیرو ئەندیشەی خۆی بخاتە ڕوو، جا لە هەر بوارێك خۆی ویستبێتی؛ بەتایبەت لەبواری بیری نەتەوەی و زمان.

حەکیمی مەلا ساڵح دەڵێت : ((جا ئەگەر لەو بەرهەمانەی کە خانا وەری گێڕاون وردبینەوە دەبینین کە شێوەی وەرگێڕانەکەی ئەوە نییە دێڕ بە دێڕ بە دوای (نیظامی) دارۆشتبێ، بەڵکو ناوەرۆکەکەی لەو وەرگرتووەو ئیتر بەو شێوەیەی کە خۆی پێی باشبووە دایڕشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە گەلێ شوێندا دەقاو دەق بەیتەکانی ئەوی هێناوە و بە شێوەیەکی جوان وەریگێڕاون با بۆ سەلماندنی قسەکەمان لێرەدا چەند بەیتێ لە(لەیل و مەجنوون)ەکەی بە نموونە بێنینەوە ڕەنگە وەك مشتێ بەس بێت بۆ نموونەی خەرمانەکە.

| نیظامی: | خانا: |
|---|---|
| کای تازە گل خزان رسیدە | وات ئەی تازە گوڵ خەزان ڕەسیدە |
| رفتە ز جهان جهان ندیدە | نە جیهان لوای جیهان نەدیدە)) (مەلاساڵح، ٢٠٠٦، ١٠) |

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی وەرگێڕانەکانی خانای قوبادی کورتکردنەوەو درێژکردنی بەیتە شیعرەکانە؛ بەوەی لە هەندێ شوێن چەند هەزار بەیتی کورتکردووەتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە وەك لە (خوسرەو شیرین) دا (( ئەم بەرهەمە لای نیزامی (٦٥٠٠) دێڕە لەسەر کێشی هەزەجی شەشی حەزفکراو یای مەقسوورە. لای خانا (٥٥٢٦) دێرە لەسەر کێشی دە سیلابی خۆماڵی)) (جەباری، ١٣٩٩، ٤٧). لێرەدا زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، کە خانا داهێنانی کردووە لەم داستانەدا؛ بەوەی دێڕە شیعرەکان لای خانا ژمارەیان کەمترە لە چاو نیزامی، بەمەش گۆڕانکاری لە دێڕەشیعرەکاندا کردووە، هەروەها کێشی داستانەکەشی گۆڕیووە بە کێشی دە برگە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوازێکی بەرزی ئەدەبی مەبەست و پەیامی داستانەکەی گەیاندووەتە خوێنەر، هەروەها لە وەرگێڕانی (قورئانی پیرۆز)دا بەتوانا بووە؛ توانای وەرگێڕانەکەی لە ئاستێك بووە مەزنی و باڵا دەستی(خوای گەورە) و بچووکی بەندەی خستووەتە ڕوو؛ لەم بارەوە بیروڕای جیاواز هەیە هەندێك لە نووسەرانی وەك (سوڵتانی، سەید تاهیر هاشمی، حەکیمی مەلا ساڵح )، پێیان وایە بەو هۆیەوە زانایانی ئاینی و والی ئەو سەردەمەی تورە کردووە؛ ئەوانیش بەندیان کردووە و لە دین دەریانکردووە، بەڵام ساغکەرەوەی دیوانەکەی خانا دەڵێت: ((پێم وانییە هێنانی ئایەتی قورئان بۆ نێو شیعر، تاوانی ئەوەندە گەورە بێت ببێتە هۆی لە دین دەرکردن هەر لە سەردەمی پەیامبەرەوە هەتاوەکو ئێستا ئەم کارە کراوە. وە خانا ئەگەر لەم کارەیدا تەفسیری کردبێت یان شیکاری و ڕەخنەی کردبێت، پێم وانییە بە شێوەیەك بێت ببێتە هۆکاری کوشتنی)) (قوبادی، ٢٠١٦، ١٢٣-١٢٥)، هەروەها لە بارەی تەرجیع بەندەکەی خاناوە ڕوونکردنەوەی زیاتری خستووەتە ڕوو؛ بەوەی سەرەتا حەوت تەرجیع بەندەکەی خستووەتە ڕوو، پاشان بە پێی لێکدانەوەیان بۆی ڕوون بووەتەوە و دەڵیت : (( جگە لە پیاهەڵدان و وەسفکردنی خوای گەورەو خۆ بچووککردنەوە لە بەرانبەر حەزرەتی حەقداو تاوانباری و بێدەسەڵاتی بەندە لە ئاست گەورەیی ئەودا، هیچ شتێك نابینی کە جێگەی ئەوە بێت مەلا، یان کۆلکە مەلایەکیش بێت فەتوای تەکفیرو دەرکردنی خانا لەو سنوورە بدات. وەك لە بەیتی پێنجەم دەڵێت:

پادشای شاهان، ئیقلیم هەستی نەققاش تەسویر بڵندی و پەستی

گەر وردبینەوە ئەم بەیتە کوفر نییە، چونکە خودا خالقی خێرو شەریشە، ئەگەر چی مەفهومی پەستی و بڵندی لێرەدا دوو مەفهومی وجوودی و عورفییان لەخۆ گرتووە. هەڵبەت نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئەوان تا ئەندازەیەکی باش شارەزاییان لە عەقیدەو تەسەوری دینییدا هەبووە بە تەواوی بە فلتەری چوار مەزهەب و قوتابخانەی ئەشعەریدا تێپەڕیون، هەر بۆیەش خوڵقاندنی پەستی لێرەدا، لای خانا شێوازێکی دیکەیە لە نەقشی ئیلاهی لە جیهانی بووندا)) (سەرچاوەی پێشوو١٢٣-١٢٥)، هەروەها لە بارەی وەرگێڕانەکانی خاناوە دەڵێت: (( ڕاستە ئەو بە وەرگێڕ دادەنرێت، بەڵام ئەم سەد لە سەد خۆی بە دەقەکانەوە گرێ نەداوە لە هەندێك برگەدا، دووسەد بەیتی کردۆتە دە بەیت، لە برگەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تردا دوو بەیت کراوەتە چوارسەد بەیت سەرەڕای ئەمەش، گیانی کوردەواری و بە تایبەت هەورامانی سەدەی (١٨)ی پێوە دیارە و ئەمەش جۆرێکی ترە لە هونەری وەرگێران)) (قوبادی، ٢٠١٦، ٢٨).

کەواتە داهێنانی خانا لەم بوارەدا زیاتر لەوە بەرجەستە دەبێت، گەر خۆی ئاماژەی پێ نەکردایە هەستت بە وەرگێران نەدەکرد، بەڵکو بە تەواوی لە نووسین و بەرهەمی خۆی دەچێت؛ هێندە بە وردی و بە سەلیقەوە داستانەکەی وەرگێڕاوە بە تەواوی هەست و سۆزی خۆی ئاوێتەی بەرهەمەکە کردووە.

دووەم/ نیشتیمان پەروەری و بیری نەتەوەی : نشتیمان و نەتەوە یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی شاعیرانی کورد؛ شاعیرانی پێشەنگ لەم بوارەدا (ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی و حاجی قادری کۆین)ن لەم بارەوە توێژەر (عوسمان نووری (رێبین) )، پێی وایە نووسەرانی کورد لە دیاریکردنی قۆناغی ئەو چەمکەدا سەدەی شانزدە بۆ نۆزدە دیاریدەکەن و ئەحمەدی خانی بە پێشەنگ دادەنێن و پاشان خێرا پەی بۆ حاجی قادری کۆیی دەبەن؛ لێرەدا شوێنی خانا ون دەکەن؛ واتە لە دابەشکردنی بیری نیشتیمانی کوردیدا تواناو لێهاتوویی خانا فەرامۆش دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا بیری نیشتیمانی کوردی دوو قۆناغە، کە (( یەکەم قۆناخی پێش سەدەی نۆزدە کە بە قۆناغی بنیاتنانی هزری نیشتیمان پەروەری ناوزەد دەبێت و ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی بنەمای ئەو هزرە دادەمەزرێنن، دووهەم قۆناخی پاش سەدەی نۆزدە کە قۆناخی ناسیۆنالیزمەو لە حاجی قادری کۆییەوە تا سەردەمی ئێستاکە درێژەی هەیە)) (ڕێبین، ١٣٩٩، ٦٠)، هەروەها چەمکی نیشتیمان پەروەی و ناسیۆنالیزم لە یەکتر جیادەکاتەوەو دەڵێت : (( زۆر جار نیشتیمانپەروەری لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا تێکەڵ دەکرێن، نیشتیمانپەروەی پێشینەیەکی زۆر کۆنتری هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم دیاردەیەکە پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بەملاوە کەوابوو لە نیشتیمانپەروەرییەوە بۆ ناسیۆنالیزم ئێمە سێ کەسمان هەیە لە سێ شێوەزارو سێ قوتابخانەی شیعری و سێ جوغرافیاو سێ سەدەی جیاوازدا

یەکەم : ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) بایەزید، کوردستانی باکوور، شێوەزاری کرمانجی ژوور، قوتابخانەی کرمانجی ژوور، شاعیرو بیرمەندی سیاسی، یەکەم بنەمای ئەندێشەی نیشتیمانپەروەری.

دووەم: خانای قوبادی (١٧٠٤-١٧٧٤)، جوانڕۆ، کوردستانی ڕۆژهەڵات، شێوەزاری گۆرانی، قوتابخانەی گۆران، هۆنەرو بیرمەند، دووەم بنەمای ئەندێشەی نیشتیمانپەروەری

سێهەم : حاجی قادری کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧)، کوردستانی باشوور، کۆیە، شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، قوتابخانەی سۆران، شاعیرو بیرمەند، سێهەم بنەمای نیشتیمانپەروەری و یەکەمین بیرمەندی ناسیۆنالیستی کوردی )) (سەرچاوەی پێشوو، ٦٢- ٧٧).

کەواتە لە قۆناغی بیری نەتەوەی کوردا لە سەدەی (١٧، ١٨، ١٩) سێ کەڵە شاعیر و نووسەرو بیرمەندی سیاسی و وەرگێڕ هەیە، کە چەندین شاکارو بەرهەمی بەپێزو گرنگیان بۆ گەنجینەی ئەدەبی کوردی تۆمارکردووە؛ بوونەتە پێشەنگی بیری نەتەوەی و نیشتیمانپەروەری لە ئەدەبییاتی کوردیدا، لێرەدا خانا، کە لە قۆناغی دووەمە ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی گێڕاوە؛ لە بواری زمان و نیشتیمانپەروەی دا؛ زمانی ئەدەبی زمانی هەست و سۆزو ئامانجە خانا بەم زمانە داوا دەکات گرنگی بە هەستی نەتەوەی بدەن؛ زمانی نەتەوەی فەرامۆش نەکەن هاو شێوەی (ئەحمەدی خانی)، کە مەم و زین دەکاتە بەهانەیەك بۆ گەیاندنی هەستی نەتەوایەتی و داوا دەکات لە دەسەڵاتدارانی کورد نەبنە پاشکۆی بێگانان و بەزمانی نەتەوەیی خۆیان بنووسن؛ خاناش داستانە شیعرەکان دەکاتە بەهانەیەك بۆ گەیاندنی ئامانجی نەتەوەی و نووسین بە زمانی کوردی. ڕاستە زۆر کاریگەری زمانی فارسی لەسەر بووە، بەڵام ئەو کاریگەرییە نەبووەتە هۆی ئەوەی، کە بەو زمانە بنووسێت. کەواتە (( خانا سێسەد ساڵ لەمەوبەر بیری ئازادی و نەتەوەپەرستی و زمانپارێزی و نیشتمانپەروەری خستۆتە ئاراوە. ئەو کەسێکە بەرهەمی وا بەنرخ و بە پێز و بەهێزی بە کوردی بۆ جێهێشتووین کە ئێمەی کورد ئەمڕۆ دەتوانین بە شانازییەوە خۆمانی پێوە ڕانێین و بەسەربەرزی بڵێین ئێمەش خانامان هەیە)) (سارۆ، ١٣٩٩، ٥٤-٥٥).

سێیەم/ هەجوو (داشۆرین): جۆرە شیعرێکە ناوەڕۆکێکی جنێو ئامێزی هەیە؛ شاعیران بە زمانی شیعری خۆیان بۆ چەندین مەبەست

و ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی و ...هتد خۆیان بەکاری دەهێنن، یاخود جۆرە ڕەخنەیەکی توند و زبرە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە بێ دەسەڵاتییەکە، کە شاعیر دەسەڵاتی بەسەر کەس و ڕوودا، یاخود ئەو بابەتەدا ناشکێت توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوکەسە، یاخود بابەتە دژەی نابێتەوە؛ جنێو وەك چەکێك بەکار دەهێنێ بۆ سەرکەوتنی خۆی. بەگشتی شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی کوردی لەم بوارەدا تووشی ڕەخنە بوونەتەوە؛ لە لایەن کۆمەڵگاوە و پەراوێز خراون، بۆیە دەبینین لە دوای مردنیان شیعری هەجوویان بڵاوکراوەتەوە، کاتێك باس لە سەرەتای شیعری هەجووی ئەدەبی کوردی دەکرێت وە (( لەسەر بنەمای زۆرێك لەسەرچاوەکان داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا بۆ نالی و پاشان بەشێوەیەکی فراوان بۆ شیخ ڕەزای تاڵەبانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە بەرهەمەکانی خانادا و بە تایبەتی لە شاکاری خوسرەوشیریندا چەند دێڕێك بەسەر دەکەینەوە کە داشۆرینی پیرەژنێکە. دەتوانین بە یەکەم داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا ناودێری بکەین و یەکەمین داشۆرین بدەینە پاڵ خانا)) (جەباری، ١٣٩٩، ٥٢)، هەروەها حەکیمی مەلا ساڵحیش دەڵێت : ((کە خوسرەو شیرینەکەی خانای قوبادی دەخوێنینەوە دەبینین لە گۆشەیەکدا قەڵەمی خستۆتە سەر ئەم شێوازە شیعرەو بە شێوەیەکی هونەرمەندانە دایڕشتووە)) (مەلا ساڵح، ٢٠٠٦، ١٥).

کەواتە خانای قوبادی لە پێش هەموو شاعیرانی کورد ئەم جۆرە مەبەستەی (داشۆرین)ی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی، پاشان شێخ ڕەزا برەوی پێداوە و وەك بەشێکی سەرەکی لە ئەدەبی کوردیدا چەسپاندوویەتی. بەم بەیتەی لە خوسرەو شیرینەکەیدا داهێنانێکی دیکەی خستووەتە ناو خەرمانی داهێنانە ئەدەبییەکانییەوە و گومانەکان دەڕەوێنێتەوە لە بارەی شیعری داشۆرین لای خانا، چونکە هەر کەسێك ئەم بەیتە بخوێنێتەوە بە ڕوونی هەست بە داشۆرین دەکات کە داشۆرینێکی توند و زبرە بۆ ئەو پیرەژنەی نێراوە بۆ لای شیرین، کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| (( شەخسێ پەرستار یاونا ئەوشەو | بە عەرز شیرین بێهۆشی خوسرەو |
| شیرین پەی یاری و مەخسەرەو مەزاق | کەیوانوی قۆخێ کۆر دەم فەراق |
| پشت دەرقوپیای چون پشت کیسەڵ | ساڵ صەدو شەست، هەشت گوان چون دەڵ |
| چەم تەنگ و رو چرچ ، لوت چەفت و چڵمن | لەب کەوەو لیکن ، دەنگ وە دەنگ جن |
| پاو سم شەق شەق ، ساق ساق سمی خەر | سەر چون قژاکە ، جە مەیمون بەدتەر |
| بن بەخەڵ بۆگەن ، پڕ جە سێ و ڕشك | لانەی قۆلانچە و مار و مور و مشك......)) (مەلا کریم، ١٩٧٥، ٦٣١). |

واتە ئەو شەوە کارەکەرێکی نارد بۆلای شیرین؛ ئەو کارەکەرە لە تاو خوسرەو هۆشی نەمابوو؛ ئەو کەیوانووە بۆ ڕابواردن و گاڵتەکردن باش بوو؛ ژنێکی پشت چەماوە و کوێر و دەم ناشرین بوو؛ پشتی وەکو پشتی کیسەڵ دەر پەڕی بوو؛ تەمەنی سەد و شەست ساڵ دەبوو؛ وەك مێینەی سەگ هەشت گوانی هەبوو؛ چاوی بچوك و دەم و چاوی چرچ و لوتێکی نارێك و چڵمنی هەبوو؛ لیوی شین و لیکن و دەنگی هەر لە دەنگی جنۆکە دەچوو؛ پێی شەق شەق و پوزی لە هی کەر دەچوو؛ سەری وەك قژاکە بوو لە مەیموون ناشرینتر بوو؛ بن باڵی بۆگەن بوو پڕ بوو لە ئەسپێ و ڕشك لانەی قۆلانچەو مارو مورو مشك بوو........

لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)یشدا لە بەندی(٢٩) (دەرماندواوکردنی سوڵتان ئیبراهیم و ڕفاندنی نۆش ئافەرین لە لایەن سەلیمەوە) دەڵێت :

| | |
|---|---|
| ((گۆش بدەر بە ئەو ناپۆختەو ناخام | جە ئەمیر سەلیم دێوانەی کەم فام |
| ئەو ناموافیق دێوانەی دەغەڵ | زەهرش پەنهان بێ دایم نە بەغەڵ |
| سەلیم ناپاك دڵ پڕ ژ تەشویش | نۆش ئافەرینش وست نەتەرك وێش |
| ئەی چەرخ غەدار شەرمێ نییەن پێت | خەجاڵەت نابێ تۆ جە کردەی وێت |
| واتش ئەی سەلیم چون ئامای وەی جا | جە کۆن شازادە ئەرێ بێ حەیا |
| ئاخر هورێزا دەست دا بە ساتوور | واتش ئەی ناپاك لەعین بەد نوور )) (قوبادی، ٢٠١١، ٢٢٧- ٢٣٥) |

لە بەندەکانی دواتردا دەڵێت:

دەکرێ ئەم چەند دێڕە لە باسکردنی ناپاکی سەلیم بە هەجوو دابنرێت، کە هەجووی کوڕی یەکێك لە وەزیرەکانی باوکی نۆش ئافەرینە؛ ژەهر

دەکاتە ناو خواردنەکەی شازادە، تا بە نۆش ئافەرین بگات، چونکە عاشقییەتی و دەیەوێت بە نسیب خۆی بێت. خانا سەلیم بە (کەم فام و ناموافێق و ناپاك و خەجاڵەت و لەعین بەد نوور ) باسی دەکات ئەم وشانەش ئاماژەن بە داشۆرین لەم بەندەی داستانەکەدا.

چوارەم/ بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری: خانای قوبادی لەبەر ئەوەی ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە؛ خاوەنی ئەندێشەیەکی ئازادی خواز بووە؛ دژی زوڵم و ستەم و نادادپەروەری بووە و بانگەشەی بۆ ئازادبوونی بیروباوەڕی مرۆڤ کردووە؛ لەم بارەوە (( لەسەر شانۆی ڕووداوی نێوان خوسرەو دیهاتییەکان بۆ سەردەمی دەسەڵاتی هۆرمز و شازادەی جێنشین بۆمان دەگێڕێتەوە و وەسفی دەستدرێژی یەکێك لە پیاوەکانی خوسرەو دەکات کە هەڵسوکەوتێکی نادادپەروەرانەو ستەمکارانە بەرانبەر گوندنشینەکان دەکات شاعیر ڕووداوەکە زەق دەکاتەوەو پێ لەسەر کێشەی دادپەروەری و ستەم و زۆرداری دادەگرێت:

ئەسپش کشتزار موسڵمانان وەرد غولامش قۆرەی دیهقان بە جەور بەرد.....

شاعیر دەربارەی ڕووداوێك دەدوێت کە دوور نییە بەرهەمی خەیاڵسازی خۆی بێت، لە چرکەیەکدا کە خوسرەو مەست و بێ ئاگا دەبێت غولامێکی ئەسپەکەی بەرەڵا دەکاتە ناو کشتوکاڵی جوتیاران، ئەوانیش سکاڵای خۆیان دەبەنە لای هورمز کە ناداد پەروەری و زوڵمێکی گەورە لە لایەن غولامێکی شازادەی جێنشینەوە لەوان کراوە. شا سزایەکی زۆر قورس بۆ کوڕەکەی خۆی دەبڕێتەوە و گوێ ناداتە ئەوەی کە تاوانبار کوڕەکەی خۆیەتی و زوڵملێکراو جوتیارێکی بێ پشت و پەنایە. گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەی نێوان خەسرەو باوکی، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕۆژگاری خاناوە هەیە، ڕەنگە کەمتر پەیوەندی بە سەردەمی چیرۆکەکەی خوسرەو هورمزەوە هەبێت لەوانەیە ئەرکی شاعیر ئەوە نەبووبێت سەرنجی خەڵکی بۆ ستەم و زۆرداری و نادادپەروەریی ئەو سەردەمەی خۆی ڕاکێشابێت و ئەفسانەکەی بۆ مەبەستێکی سیاسی شاراوە بەکارهێنابێت)) (قوبادی، ٢٠١٦، ٤١-٤٣) پاشان، کە ئەنجامی ئەم دادپەروەرییەی هورمز دەبینێ ئارەزووی سەرکردەیەکی دادپەروەر دەکات بۆ نەتەوەکەی، دواتر دەکەوێتە سەرزەنشتی خۆیی، کە زمان درێژی نەکات بە وشەی پرسی (کۆن) واتە (لە کوێ)یە پرسیار لە خۆی دەکات و دەڵێت :

(( خانا بۆ وەسەن زوباندرازی کۆن ئەو صاحیب عەدڵ تۆیش بنازی

دوا بەیتی ئەم کۆپلەیەی سەرەوە، کرۆکی پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی شاعیرە. ئەو لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەڵێت: "بەسە زماندرێژی!" ئینجا پرسیارێك لە خۆی دەکات: " ئەو کەسە دادپەروەرە لە کوێیە کە تۆ پێی بنازیت؟! ئەم پرسیارە هەروا لە خۆڕا نەکراوە. شاعیر ویستوویەتی ئەوە بدرکێنێت کەسێکی لەبەر چاودا نییە شانازی پێوە بکات، بۆ ناتوانێت شانازی بە کەسایەتی، یان سەرکردەیەکەوە بکات؟ ئەو لەسەر نەخشەی سیاسی کوردستان کەسێکی دادپەروەری (صاحب عەدڵ) بەرچاو ناکەوێت شایانی شانازی پێوەکردن بێت یاخود ئاماژەی بۆ گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی کردووە و دەڵێت :

مەعلووم بۆ جە لای بزورگان دەور هەرکەس عادڵ بۆ چون هورمز بەی طەور......

واتە ئاشکرا بێت لای گەورە پیاوانی سەردەم، ئەگەر دادپەروەر بن وەکو هورمز خوا لە ئاگر دەیان پارێزێت، ئەگەر صەد جار کافریش بن. گرنگ دادپەروەرییە لای شاعیر، نەك بڕوا هێنان بە دین و ئیمان. لەم خاڵە دا خانا لەگەڵ ئەحمەدی خانیدا یەك دەگریتەوە کە هەردووکیان بانگەشەیان بۆ دادپەروەری کردووە)) (سەرچاوەی پیشوو، ٤٣، ٤٤).

لەبارەی پەیامی ئەم بەیتەی خانا (د. نەوشیروان مستەفا) دەڵێت: (( لە سیستەمی سیاسی و کارگێری ئێران دا ، شا هەبووە، کە گەورەی هەموو وڵات بووە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا حاکم بە نازناوی جیاواز و بە پلەی جیاواز هەبووە. تەنیا بە حاکمەکانی کوردستان و لوڕستان گورجستان پلەی والی بەخشراوە، بۆیە پیاوێکی شارەزای وەکو خانا، کاتێ وشەی والی بەکارهێناوە، ئەبێ مەبەستێکی دیاریکراوی هەبووبێ ئەگینا ئەیتوانی وشەیەکی تر بەکار بهێنێ)) (ئەمین، ٢٠١٢، ٢٦٠). واتە خانا مەبەستی سەرەکی کوردو والییەکانی بووە وە داواکەی لە سەرکردەی کوردی کردووە، کە دادپەروەر بن؛ دواجار بینوویەتی کەسێکی وا لە گۆڕەپانی کوردی دا نییە پەشیمان بووەتەوە سەرزەنشتی خۆی کردووە، کە بوەستێ لەسەر ئەو پەیامەو درێژدادڕی نەکات. هەر لە بارەی زوڵم و ستەمەوە نموونەی ستەمی ئەهلی شەریعەت

بەرانبەر سۆفی و عاریفاندا دەهێنێتەوە وخۆی بە(نەسیمی) دەشوبهێنێ دەڵێت :

(( ئەر چون نەسیمی مەکەنان پۆسم          هەرتا زیندەنان هەر تۆنی دۆسم

بۆ ئەم بەیتە بەیتێکی داخراوەو تێگەیشتنی ئاسان نییە؟ خانا خۆی دەخاتە "جێگەی نەسیمی"یەوە، یان لە ناو پێستی ئەودا خۆی دەدۆزێتەوە. با ئێمە پێشەکی بزانین نەسیمی کێیە؟ عیماد الدینی نەسیمی (١٣٦٩-١٤١٧ز) یەکێکە لە شاعیرە سۆفییە گەورەکان و بە عەرەبی و فارسی و تورکی شیعری هەیە. بە یەکێك لە پێشەوا ناسراوەکانی ڕێبازی"حروفیە"دادەنرێت ساڵی (١٤١٧ز) لە شاری حەلەب، لەسەر فەتوای پیاوە ئایینییەکانی شام هەر بە زیندوویەتی پێستی دەگروون و پاشان پارچە پارچەی دەکەن. ئێمە ئەگەر زانیمان "حروفییەکان" ڕێبازێکی شۆڕشگێر بوون و دژی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی سەردەمی خۆیان بوون و بۆ دادپەروەری خۆیان خەباتیان کردووە، ئەوجا دەردەکەوێت خانای قوبادیش لە کام سەنگەردا بووە و بۆ ئەوەندە لەسەر عەدڵ و دادپەروەریی وکۆمەڵایەتی جەخت دەکات؟)) (قوبادی، ٢٠١٦ ،٤٤،٤٥). هەر سەبارەت بە دادو دادپەروەری لە (شیرین و خوسرەو)دا و لە و بەندەی، کە خوسرەو ئامۆژگاری دانیشتوانی دەکات دەڵێت :

(( بە لەفظ فەصیح شیرین تەر جە قەند          پەرێ بزورگان بەزم دڵ پەسەند
چەند نوکتەی شەریف شۆخ دڵ پەزیر          بە دورر کەلام بەی طەور کەرد تەقریر
واتش هەر شەخسێ ساحێب شوعورەن          مەعلوم جە ئاداب نادانی دوورەن
چون زومرەی بەعضێ بەد جینس بێ پیر          نە شمارا ئەرباب دەروێش بە فەقیر
دورەن جە ڕای دین ڕەویەی کافری          تۆ بە عەیب وێت هیچ ڕا نەبەری
بەڵێ هەردەم عەیب مەردوم بشماری          عەیب وێت جە خەڵق پەنهان بداری
ئەمانەت فەرضەن ئەر هەنت شوعور          بە خوردی  دوشمەن هیچ نەبەر مەغرور
مکەرۆ عاجز بە دانای دادوەر          پەششەێ صەد پیل ئەژدەها پەیکەر
هیچ کەس جەی دنیای ئاشفتەی پر شۆر          دامان دەوڵەت نەگرتەن بە زۆر
دەوڵەت نە بە زۆر نە بە کردارەن          دەوڵەت هەر بە داد پەروەردگارەن)) (ملاکریم، ١٩٧٥، ٢٩٧-٢٩٨)

لێرەدا ئاماژە بە کەسانی عاقڵ و دانا دەکات و ئامۆژگاری گەورەکان دەکات، کە هەر کەسێك  چاك بێت چاکی دێتە ڕێی و لە خراپی دوور دەبێت وە ئەو کەسانە بە دورە دین دەزانێ، کە عەیب و عاری خۆیان نازانن و نابینن؛ لە هەمانکاتدا عەیبی خەڵکی دەژمێرن و عەیبی خۆیان دەشارنەوە، هەروەها کاتێك دەڵێت: ئەمانەت فەرزە مەبەستییەتی بڵێت دەبێت ئەو فەرزە وەك خۆی بە داد و دادپەروەری بە ئەنجامی بگەیەنیت و لە خۆبای نەبێت لەبەر ئەوەی هیچ کەس بە زۆرو زۆرداری دەوڵەتی نەگرتووە، یاخود بەزۆرداری دەوڵەتی بەڕێوە نەبردووە؛ دەوڵەت بە زۆرداری و ستەم نابرێت بەڕێوە، بەڵکو هەر بە تەنها بە دادپەروەری و پابەند بوون بە دادی پەروەردگار بەردەوام دەبێت.

پێنجەم/ قاڵبە شیعرییەکان : شاعیرانی گۆران بە گشتی شیعرەکانیان مەسنەوی جوت قافییەی دە بڕگەی خۆماڵی بوون؛ خانای قوبادیش بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆشتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خانا دەستێکی باڵای هەبووە لە بواری هونەریدا جیا لە شاعیرانی سەردەمی خۆی داهێنانی لە قاڵبە شیعرییەکاندا کردووە؛ بە پێی سەرچاوەکان بۆ یەکەمجار فۆرمی تەرجیع بەندی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەڵام (( مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی، دیوانە شیعرێکی گۆرانی- هەورامی چاپ و بڵاوکردووەتەوە بە ناوی (دیوانی عەزیز). ئەم دیوانە دوو چاپی بینییوە. لە پێشەکی چاپی یەکەمدا مامۆستا بۆی ساغ نەبووەتەوە کە ئەم عەزیزە کێیە؟ چونکە لە مێژوودا چەند شاعیرێکمان بە ناوی عەزیزەوە هەیە. گومانی مامۆستا لە نێوان (عەزیز دەردین: کە ناوی لە لیستی شاعیرانی لای ڕەنجووری هەیە و لە شاعیرانی کۆنە) و (شێخ عەزیز جانەوەری سیراجەددینی نەقشبەندی بووەو هاوچەرخی مەولەوی بووە) ماوەتەوە، بەڵام لە چاپی دووەمدا بە پێی هەندێ شیعری تازە دۆزراوەی تر گومانەکە بە لای دووەمیاندا شکاوەتەوە و بووەتە یەقین. بەڵام من پێموایە زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانە مۆرکێکی کۆنیان هەیەو بە دووری نازانم هی عەزیز دەردین بن. مەبەست لەمە بوونی تەرجیعبەندێکە لە دیوانەکەی عەزیز. ئەم تەرجیع بەندە لە ١١ بەند پێکهاتووە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و تەرجیعەکەی بەم چەشنەیە:

یاعەلی دەخیل بدەر نەجاتم سوپای خەم کەردەن قەطع حەیاتم

ئەگەر ئەم شاعیرە عەزیز دەردین بێت کە دەشێ هاوچەرخی خانا یان کۆنتر بێت ئەوا خاوەنی یەکەم تەرجیع بەند بە هەڵپەسێراوی دەمێنێتەوە، بەڵام تا ئەو بابەتە ساغ دەبێتەوە لە ئێستادا خانا بە یەکەم شاعیر دادەنرێت کە تەرجیع بەندی نووسیووە)) (جەباری، ١٣٩٩، ٥١، ٥٢) دیارترین نموونەی تەرجیع بەند لای خانا لە شیعرە ئاینییەکانە وە ئەم داهێنانەی خانا بەگشتی لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێت، کە(( لە دیوانی خانای قوبادیدا چەندین تەرجیع بەند بەرچاو دەکەوێت، وەك: حەوت تەرجیع بەند، داستان لە شێوەی تەرجیع بەند، نامەی شیعری لە شێوەی تەرجیع بەند... ئەگەرچی تەرجیع بەند قاڵبێکی تایبەتی خۆی هەیە لە شیعری عەرەبی، فارسی، تورکی و کوردیدا، بەڵام لەلای خانای قوبادی و لە شێوەزاری گۆرانیدا ئەم قاڵبە گۆڕانی بەسەردا هاتووە)) (قوبادی، ٢٠١٦، ١٨٠). ئەم جۆرە قاڵبە شیعرییە بۆ بابەتی خوادا‌ناسیوو عریفانی و وەسف و عیشقە، کە خانا داهێنانێکی گەورەو گرنگی تێدا کردووە یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی، کە کردوویەتی لەم بەندانەیە، کە دەڵێت:

(( نیاز وات: زەریف خەندەوە، خەندەوە خانە وات: شیرین خەندەوە، شیرین خەندەوە

زەریفی زەریف ها بەو خەندەوە شیرینی شیرین ها بۆ خەندەوە

یەکش باف زەڕین گرت و چەندەوە دەست خەنارەنگ گرت وە چەنەوە

خەنە ها وەلای زەڕڕەی قەندەوە خاس خەنە کەردی هەم بە خەنەوە

لەم تەرجیع بەندەدا گۆڕانکارییەکی بێوێنە ئەنجامدەدات، ئەویش تەرجیع بەندێکی تازە دروست دەکات و لەناو تەرجیع بەندەکەدا قاڵبی گفتوگۆ هەیە. هەر بەندێك تایبەتە بە یەك کەس، واتە بەندی یەکەم تایبەتە بە "نیاز " و بەندی دووەمیش تایبەتە " خانە " بەندی یەکەم دابەش بووە بەسەر چوار بەشدا و نیاز دەستپێشخەرە، خاناش هەمان کار دووبارە دەکاتەوە لە بەندەکانی تردا ئەم کارە بە شێوەی سەربەخۆ دەڕوات و دابەشکردنی تێدا نییە. دەتوانین بۆ ئەم قاڵبە شیعرییە دوو ناو دابنێین: تەرجیع بەند و تەرکیب بەند، چونکە ئەم دوو قاڵبە شیعرییە زۆر لە یەکەوە نزیکن. لە تەرجیع بەندیشدا تەنها نیوەبەیتی دووەمی هەموو بەندەکان وەکو یەکن. دەبینین خانا گۆڕانکاری زۆری بەسەر قاڵبە شیعرییەکاندا هێناوە. ئەم گۆڕانکارییانەش ئاماژەی دەسترەنگینی و ورت و وریایی خانان و زۆر بە جوانی و بە شێوەیەکی ناوازە کارەکەی کردووە و جوانکاری و تێکهەڵکێش و لێوەرگرتن (اقتباس)ێکی ناسکی کردووە و ئەم جۆرە داهێنانە بەشێوەیەکی کوردانەو ناوازە دەردەکەوێت))(سەرچاوەی پێشوو، ١٨٦).

کەواتە خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرە پایە بەرزانەی، کە داهێنانێکی گەورەو بەپێزی لە شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە گشتی کردووە؛ لە بە شێك لەو داهێنانانەی دەبێتە سەرمەشق و پێشەنگ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەوانە: لە بواری ( وەرگێرانی قورئانی پیرۆز و داستانە شیعرییەکان، فۆرمی تەرجیع بەند، داشۆرین "هەجوو") ئامانجی لە وەرگێڕانی (قورئانی پیرۆز) ئەوە بووە، کە تاکی کورد بە زمانی نەتەوەی خۆی (قورئانی پیرۆز) بخوێننەوەوە، هەروەها گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردی داوە و شانازی پێوە کردووە؛ پێی وا بووە هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییەو دەتوانێت چەندین شاکاری بەنرخ و بە پێزی پێ بنووسرێت. شاعیرێکی مرۆڤ پەروەرو ئازادیخواز بووە و باگەشەی بۆ دادپەروەری نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری کردووە بەم بیرە وردو دەسترەنگینییەی دەبێتە پڕ بەرهەمترین شاعیری کورد، کە تا ئەم قۆناغەش نووسەران بەردەوام بەرهەم و شاکاری جوانی ئەم کەڵە شاعیرە دەدۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەی سەردەمی ژیانی پڕ بووە لە جەنگ و کوشتن و برین، بەڵام بلیمەتانە توانییەتی داهێنانی گەورە لە ئەدەی کوردیدا بکات وە بلیمەتی خانای قوبادی بووەتە هۆی ڕێگا ڕۆشنکەرەوەی شیعرو ئەدەبیاتی قۆناغی دوای خۆی، کە شاعیرانی وەك مەولەوی ئەو وێستگە ئەدەبییەی بگرنە ئەستۆ و برەوی زیاتری پێ بدەن.

## ئەنجام :

١- لە رووی بیری نەتەوەییەوە لە نیشتیمانپەروەرییەوە بۆ ناسیۆنالیزم و لە سەدەی (١٧، ١٨، ١٩) سێ کەڵە شاعیر و نووسەرو بیرمەندی سیاسی و وەرگێڕ لە سێ شێوەزارو سێ قوتابخانەی شیعری و سێ جوغرافیاو سێ سەدەی جیاوازدا هەیە ئەوانیش (ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حاجی قادری کۆیی).

٢- خانا دەستێکی باڵای لە داهێنانی بیرو و هونەری داستانە شیعردا هەبووە داهێنانەکانی لە بواری (وەرگێرانی ئەدەبی، بیری نەتەوەیی، "هەجوو" داشۆرین، بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری، قاڵبە شیعرییەکانی تەرجیع بەند) دایە .

٣- لە بواری (وەرگێرانی ئەدەبی، "هەجوو" داشۆرین، قاڵبە شیعرییەکانی تەرجیع بەند) دەبێتە سەرمەشق و پێشەنگی شاعیرانی کورد.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی :


١-ئەمین، نەوشیروان مستەفا(د)، ٢٠١٢، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، چ٢، الدار العربیه للعلوم- ناشرون.

٢-ئەحمەد، کەیفی، ٢٠١٩، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا (بە نموونە زاری کرمانجیی نێوەڕاست)، چ١، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپوری کورد.

٣-پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٢، مێژووی وەرگێران لە ئەدەبییاتی کوردیدا ( لە کۆنەوە تا ١٩٣٢)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە (١٠)، هەولێر.

٤-جەباری، رزگار، سارۆ، غەفار، ١٣٩٩، یەکەمین کۆنگرەی شاعیری بەناوبانگی کورد خانای قوبادی، کۆمەڵێك توێژینەوەی کۆنگرەکە، چ١، جوانرۆ.

٥-جوتیار، خالد، ١٩٨٤، فۆلکلۆر، چاپخانەی (الحوادث)، هەولێر.

٦-حوسێن، مەولود، سەنگەر، رێزان، ٢٠١٨، ژانرە ئەدەبییەکان، چ١، ناوەندی رۆشنبیری ئاودێر، هەولێر.

٧-حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠٠٧، چەشە ئەدەبی و رۆژنامەنوسییەکان و رەنگدانەوەیان لە ژیان و ژین دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٨-خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠٠٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩-خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چ١، هەولێر، دەزگای ئاراس.

١٠-خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چ٢، هەولێر، دەزگای ئاراس.

١١-خەیات، کاروان عوسمان، ٢٠١٣، داستانی گورگ و رێوی، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

١٢-رەسول، عیزەددین مستەفا(د)، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

١٣- رەسول، شوکریە(د)، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

١٤-رێبین، عوسمان، ١٣٩٩، یەکەمین کۆنگرەی شاعیری بەناوبانگی کورد خانای قوبادی، کۆمەڵێك توێژینەوەی کۆنگرەکە، چ١، جوانرۆ.

١٥- سەجادی، علاالدین،(د) ١٣٨٩، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٣، انتشارات کردستان، سنندج.

١٦-سەجادی، علاالدین،(د) ١٣٨٩، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٣، انتشارات کردستان، سنندج.

١٧- عەلیاوەیی، عەبدوڵلا(د)، ٢٠٠٤، کوردستان لە سەردەمی عوسمانی دا ، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

١٨-قوبادی، خانا، ٢٠١١، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، کۆکردنەوە و دارشتنەوەی حەمەرەشی ئەمینی. چاپی یەکەم.، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٩-قوبادی، خانا، ٢٠١٦، دیوانی خانای قوبادی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چ١، چاپخانەی شوان، سنه.

٢٠- قوبادی، خانا، ٢٠١٧، لەیلێ و مەجنوون، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چ١، چاپخانەی، شوان سنه.

٢١- قوبادی، خانا، ١٩٧٥، شیرین و خوسرەو، ساغکردنەوەی (محمدی ملا کریم مودەریس)، زنجیرەی ژیانەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد-ژمارە(٢)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢٢-ملاساڵح، خانا، ٢٠٠٦، یوسف و زلێخا، ساغکردنەوەی (حەکیم ملاساڵح)، چ١ چاپخانەی گشتی هەولێر، کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە (١٧).

**نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی:**

١-قادر، سەنگەر،٢٠٠٩، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢-کەسنەزانی، بوشرا، ٢٠٢٢، ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١-ترحیینی، فایز(د)، ١٩٨٨، الدراما و المذاهب الادب، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.

٢-عبدالله، محمد حسن(د)، ١٩٧٨، فنون الأدب (أصول، نصوص، قراءت)، ط٢، دار الكتب الثقافيه، الكويت.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

١-شمیسا، (د) سیروس، ١٣٩٣، انواع ادبی، چاپ چهارم، نشر میترا، تهران.

٢-مدرسی، فاطمه، ١٣٩٠، فرهنگ توصیفی نقد و نظریه‌های ادبی، ضاث اول.

٣-میرصادقی، جمال، ١٣٩٣، شناخت داستان، مؤسسه انتشارات، تهران.

٤-میرصادقی، جمال، ١٣٩٤، عناصرداستان، انتشارات سخن، چ٩ تهران.

**گۆڤار**

١- ابراهیم ، عمر، ١٩٧٩، فۆلکلۆر بەرهەم و دەستکەوت بەهرەی پتر لە هەزاران ساڵی پێش ئێستایە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ٧٦.

٢-تاڵەبانی، موکەرەم، ٢٠١٠، ئایا سەردەمی داستان بەسەرچووە، گۆڤاری کاروان، ژ(٢٤٨)، ٧٦.

٣-گەرمیانی، عادل، ٢٠٠٨، گرنگی داستان و ڕۆمان لە تیۆری ئەدەبدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ٥٥.